# بۆ هەموو ئەحزابی کۆمۆنیست و چەپ کە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ یەکی ئایار

## بۆ یەکجار لەم رۆژەدا پێکەوە یادی یەکی ئایار بکەنەوە

مەحموود محەمەد عوسمان

بەرز و بەرێز بێت یەکی ئایار ، رۆژی نارەزایەتی چینی کرێکار دژ بە هەموو بنەماکانی سەرمایەداری لەوەوە دەست پێ ئەکەم کە سەرمایەداری بە هەموو شێوەیەک ئەیەوێ دەولەت لەسەرەوەی کێشمە کێشە سیاسییەکان و بەرژەوەندیە چینایەتییەکان و ئابوورییەکان پێناسە بکات ، و ئەیوەی ئەو هەموو دام و دەزگایانە کە بنەمای مانەوەیەتی ، وەک کۆمەلێ لە سەرەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی چینایەتی بناسانێ بە دونیا کەوا ئەمانە بێلایەنن و لەسەرەوەی چەمکە چینایەتییەکانەوەیە . مەبەستی سەرەکیشی ئەوەیە کە چینەکەی تر بەوە قایل بێ تەنها لە ناو بازنەی بەرژەوەندی سەرمایەداریدا داوەکارییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانیان داوا بکات ، هەروەها ئەیوەێ خۆی بەرامبەر چینەکەی تر کە چینی کرێکارە ، وەک چینێکی یەکریز پێشان بدات . بەلام ئاشکرایە لە پێناو کەلەکە کردنی سامان چون سل ناکەنەوە بۆلەناو بردنی یەک لە رووی ئابووری لە نێوان کۆمپانیا گەورەکان و دام ودەزگا سەرمایەدارییەکان چی شەرێکی مان و نەمان هەیە لە هەموو روویەکەوە .

یەکریزیان و توانای مادیان و بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی بۆ سەقامگیری دام ودەزگاکانیان زۆرێکی لە چینی کرێکار دوورخستووەتەوە لە هەولدان بۆ سەرەنگوم کردنی سەرمایەداری و گومانی نەگۆرینی ئەم سستمەی لە ناو کرێکاراندا بەهێزکردووە . لەگەل بەکار هێنانی سەدان چەکی تر بۆ جوان کردنی سیمای سەرمەیاداری یان هیچ نەبێ ئەو پیلانە لە نێو کرێکاراندا بەرێتە پێش کە گۆرینی مەحالە . ئەمانەیش رەنگی داوەتەوە لە ناو ریزێکی بەرین لە خەلکی زەحمەتکێش و کرێکاران . ئەمە کاریانە و بەردەوامن لەسەری . تەنانەت بۆ بۆنەکانیش هەمان شێوە بە کار ئەهێنن بۆ بە جیهانکردنی هەموو یادەکانیان و تەنانەت بۆ جیهانکردنی دەنگ وباسیان بە خەرجکردنی ملیارەها دۆلار کە مەعلوومە بە چی شێوەیەک کەلەکە بووە .

کارێکی تریان بەگژداچوونی هەر کەلتوور و ئەدەب و بۆنە و یادەکانی چینی کرێکارە . لەم بووارەشدا رۆژ بە رۆژ فراوانبوونی ئەم مەودایە دەر ئەکەوێ لە هەولدان بۆ سرینەوە و لاوازکردنی هەر جم وجولێکی چینی کرێکار . هەولدانیان دژ بە مەراسیمی یەکی ئایار ، ئەمە رەنگە خالێکی باش بێت کە ببێتە دەروازەیەک ئەم چەند دێرە بنووسم .

یادەکان ئەگەر هەرچۆنێ سەیری بکەین وە یان جیاوازی لە جۆرەکانی یاد ، ئەگەر ئەم یادە بۆ تاک بێ یان بۆ کۆمەل سەیر ئەکەین پەیوەستە بە کۆمەلێ ئاوات و ئارەزوو و یادگرییەوە . ئیتر سەرچاوەکەی لەوە دەست پێئەکات کە پێشتر هەنگاوی باشیان ناوە یان ئەیانەوێ ئەم یادە باشتر بکەن ، یاخود بە گوێرەی ئامانجەکانیان هەنگاویان نەناوە ، هیچ یادێک وەستاو نییە وە هیچ یادێکیش ناتوانێ رابردوو و هیوا و ئاواتی چییە بە سبەی لە بۆنەکەدا بسرێتەوە . بەلام ئەمەیش ئامرازی خۆی هەیە بۆ بەردەوامبوون . هەلبەتە یادە کۆمەلەکان تام و چێژی تایبەتی هەیە وە ئەو یادەیش جوانتر ئەبێ کە هەست بکەی هەولدانی ئەو یادەیە بۆ دونیایەکی باشتر و بۆ خۆشەویستی ئینسانەکان و بۆ سرینەوەی بێحورمەتی بە ئینسان ، سیمایەکی ئینسانیتر و جوانتر بە دونیا ئەگەیەنێ .

یەکی ئایار یادی کەسانێکە بە درێژایی مێژوو سەروەت و تەنانەت جوانکردنی دونیا و هەموو پێویستیەکانی ئینسان لە سەر بازوو و شەکەتبونی ئەم هاتووەتە کایەوە ، و خۆیان بەگوێرەی پێوست لێی بەهرەمەند نین .
یادی چینێکە ئەبێ دواقسە ( چیبکەین ) بۆ کۆمەلگا ؟ و دوا پێکەنینیش ، هەر ئەمان ئیدامەی بدەن . زۆرێک لە ولاتانی دونیا بەرەسمی ئم رۆژەیان نەناسیووە ، بەلام لەگەلیدا دەیان یادی تر بەهێز ئەکەن کە هیچ کات ناگەنە ئەم یادە لە ئینسانی بوونی و لە راستی مەسەلەکەیان . یادی کەسانێکە کە رۆژانە دا ئەمێنی و ئەلێ بشێ ئەمرۆش وەک دوێنێ بمبەنە سەرکار و ئێوارە سفرەکە جوانبکەم . یادی خەلکی کۆمەنیست و ئازادی خوازیشە کە خۆیان لە بەرژەوەندی چینی کرێکار بەدەر نازانن . رۆژی رووبەروو بوونەوەیە ، رۆژی هاوارێکی ملێونییە دژ بە ستەم ، رۆژی توورە بوونە لە سەرمایەداری و توورە بوونیشە لەوەی ک زۆرێک لە کرێکاران هێشتا ئیمانیان بە ریفۆرم ماوە هەرچەندە لە ئەجندەی سەرمایەداریدا کرێکارانی ربفۆرمیش بێبەش نابن لە ستەمەی سەرمایەداریە .
چەند رۆژێکی ماوە بۆ جەژنی کرێکاران ، بۆ رۆژی جیهانی ئەو چینەی کە ئەتوانێ و ئەبێت ئەم سستمە نابەرابەریە سەروژێرکات . هەموو ئەحزابی کۆمۆنیست و چەپ و کرێکاران بە هەموو شێوەیەک و خەلکی ئازادی خواز و یەکسانی خواز بە پەرۆشەوە بەرەو پیری ئەم رۆژە ئەچن و هاوار ئەکەن و شایی ئەگێرن . دەستیان خۆشبێ و دەستیان بە توندی ئەگوشم بە هەر بۆچوونێک کە یەک ئەبن لە سەر خالە سەرەکییەکان . بەلام ئەگەر ئەم یادە دەستەجەمعی بێ ، ئەگەر ئەم یادە یەک هاوار بێ . تۆ بلی سەرمایەدار هەست نەکات کە رووبەرووی هێزێکی رێک ئەبێتەوە ؟
ئەگەر بە رۆشنی باسی بکەین و قسەکەم ببێتە چوارچێوەی عەمەلی . ئەمانە باس ئەکەم
1_: بەگوێرە ئاگاداریم لە کار و کردەوەکانی ئەحزابی کۆمۆنیستی و چەپ لە ئۆرۆپا ، بەتایبەتی بۆ یادەکان و رۆژی کرێکارانیش ، شێوەیەکی تر ئەگرنەبەر ، خۆ رەنگە لە چوار چێوەی کۆمەلێ مەسائیلی ئینسانی و پەرلەمانی دەر نەچن ، ئەمەیش هۆ و کردەوەی خۆی هەیە ئێستا لێرەدا ناچمە سەری ,وێرای هەست کردن بەوەی کە لە هەندێ ولاتی ئۆروپا شێوەی رادیکالتر دەر ئەکەوی لە خیتابەکانیاندا ، خەریکە زۆرتر رۆشن ئەبنەوە لە ئامانجی کرێکاران ، لە رەخنە گردن لە سەرمایەداری و لەگەلیا هەولدان بۆ دەسەلاتی چینی کرێکار . لەهەندێ لە ولاتەکاندا رۆژی کرێکاران بە رەسمی نەناسراوە یان هۆشمەندانە تێکەلیان کردووە بە یادی ترەوە ، ئەویش بۆ خوی چەکێکە بۆ سرینوەی ئەم رۆژە کرێکارییە .
2_: لەعێراقدا ستەمەکە توند ترە و چەوساندنەەی چینایەتی زۆرترە و نا ئەمنی و بەهرەمەندنەبوونیان لە زۆربەی پێویستییەکانی ژیان ، ژیانیانی زۆر تێکەل بە مەرگ کردووە ، تەنانەت نەگەشتوونەتە ئاستی کرێکارانی ئۆرۆپا لەو دەستکەوتانەیان کە رەنجی خەباتییانە ، و بەم زووانەیش ئومێدی ئەوە ناکرێ . ئەگەر ئەحزابە کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و کرێکاران زۆرتر مەسایلە چینایتییەکان نەخنە دەستووری کاریانەوە وەک کار ، کە رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان بێت . بۆیە زۆر پێویستە لە عێراق و کوردستان ئەم رۆژە یەکریزبین و رادیکالتر بین . هەموو ئەوانە کە بە پەرۆشەوەن بۆ کرێکاران و خۆیان بە کرێکاری هۆشمەند ئەزانن . هەق وایە بەیەک دەنگ ئەم یادە بکەنەوە ، و هیچ نەبێ خالی هاوبەشیان هەیە کە سەرمایەداری بێزار بکات و ئەوەندەی تریش ئومێد بەخش بێت بە نەمانی ئەم سستمە . ئەگینا هۆی ئەم پەرش و بلاوییە چییە ؟ من مەبەستم تەنها لە یادکردنەوەکەیە وەک رۆژێ نارەزایی لە دژی سستمی سەرمایەداری و بۆناردنی نامەیەکی رۆشن دژ بەدەسالتداراندا ، ئەگینا ئە زانم جیاوازی تێروانینیان بۆ چینایەتی و چۆنییەتی کار کردن و چێگە و رێگەی چینایەتی چۆن شی ئەکرێتەوە لە روانگەی کۆمۆنیزمەوە ؟ بۆ خویشم یەکێکم لەوانەی تێروانینم جیاوازە ؟ . خۆ لەم رۆژە شۆرشی کرێکاری

ناکرێ ، و له مێژوویشدا نه‌بووه ، ته‌نانه‌ت رۆژی به ره‌سمی ناسینی ئه‌م رۆژه له یه‌کی ئایار نه‌بووه . به‌لام رێگه خۆشکه‌ره و ناره‌زایه‌تییه و هه‌نگاونانه بۆ ئۆمێدێکی باش بۆ شۆرشی سۆسیالیستی .

3_: زۆربه‌ی ئه‌حزابی عێراق و کوردستان که خۆیان به کۆمۆنیست و چه‌پ ئه‌زانن له ده‌ره‌وه‌ی ولات له گه‌ل ئه‌و ئه‌حزاباندا یادی یه‌کی ئایار ئه‌که‌نه‌وه که باسم کرد ن ، و ره‌نگه له گه‌ل ئه‌حزابێک به‌یان نامه ده‌ربکه‌ن یان به‌شداری بکه‌ن زۆر دووربن له چینی کرێکاره‌وه . باشه هۆکه‌ی چییه له عێراقدا له‌م ژیانه سه‌خته و نائه‌منی و شه‌ر وکووشتار و زالبوونی ره‌وته ئیسلامییه‌کان و حکوومه‌ته تازه‌که‌یش ئه‌وه‌نده‌ی تر نا ئومێدی و زولم و سته‌م بلاو ئه‌کاته‌وه ، که‌چی پێکه‌وه له‌م رۆژه ئه‌م یاده به‌رز راناگرن ؟ خۆی له بنه‌ره‌تدا مه‌راسیم بۆ ئه‌م ئامانجانه ئه‌گێرێ . و به‌م شێوه‌یه‌ش ئه‌بێ . ( بۆ وتار خویندنه‌وه و رۆشنکردنه‌وه‌ی هێله سه‌ره‌کییه‌کانی ئه‌و ره‌وته ، و ره‌نگدانه‌وه‌ی چالاکییه‌کانی له ووتاره‌که‌یدا ، و ره‌خنه گردن له ره‌وته‌کانی تر که چالاکی ئه‌که‌ن به‌ناو چینی کرێکاره‌وه . بۆ شایی گێران و ساتێکی خۆشی که تێکه‌ل ئه‌بێ له گه‌ل ده‌نگی ناره‌زایه‌تی کرێکاران دژ به سه‌رمایه‌داری ، بۆ رۆشنکردنه‌وه‌ی ئامانجه‌کانی کرێکاران و به سته‌نه‌وه‌ی به سیاسه‌تی ئه‌و حزبه یان ره‌وته . بۆ باسکردنی ئه‌و ئامانجانه‌ی که ئێستا چینی کرێکار ئه‌رکی سه‌رشانییه‌تی ، بۆ به شکلکردنی داواکارییه ئابووریه‌کانی ئێستا له‌گه‌ل تێکه‌ل بوون به داوه‌کارییه‌کانی ئێستای سیاسی وه یاخود رۆژێک که هێزی ئه‌حزابه‌کان ده‌ربکه‌وێ )

باشه ناکرێ پێکه‌وه ناره‌زایه‌تی ده‌ربرین ؟و له یه‌کی ئایاردا به‌هێزه‌وه بێینه مه‌یدان و ئه‌و به‌شانه‌ی که باسم کرد هه‌موو له‌و رۆژه بخوێنرێته‌وه و به‌شداری مه‌راسیمه‌که بکرێ و هه‌ریه‌کێ قسه وباسی خۆی ئارسته‌بکات . ناره‌زایه‌ته‌که‌مان به‌هێز دیاربێت له به‌رامبه‌ر سه‌رمایه‌داریدا .

ئه‌توانین له‌یه‌کی ئایار به یه‌ک ده‌نگ تووره بین دژ به‌م ناله‌بارییه وه هه‌ریه‌کێ به‌ره‌نگێکه‌وه و به تێروانینی جیاوازه‌وه به‌لام رێک بین که یه‌کی ئایار رۆژی چینایتیمانه به هه‌موو مانلی به‌رژه‌وه‌ندی چینی کرێکار.

. هه‌ولێک ، ته‌قه‌لایه‌ک
هاورێیان
کات دره‌نگه
جه‌سته‌ی شه‌که‌تمان

له مه‌نزلگای دونیای ئومێدمان
ئاسووده ئه‌بێ

مه‌حموود محه‌مه‌د عووسمان
2005/4/ 27
هۆله‌ندا